راپۆرت

# رۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێکهێنانی ئاراستە جیهانییەکاندا

**فەوزی پیربال**

سەنتەری ئەتلانتیک لێکۆڵینەوەیەکی لێکۆڵیار ماتیو بوروز بلاوکردۆتەوە کە لەسەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتیی برنت سکۆکرۆفت لەئەمریکا کار دەکا. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لە"رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەساڵی ٢٠٢٠دا: رۆڵی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەپێکهێنانی ئاراستە جیهانییەکاندا". لێکۆڵینەوەکە شێوەی بیرکردنەوەی دامو دەزگاو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجیو چینی سیاسیی ئەمریکا سەبارەت بەئایندەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست نیشان دەدا. وەك لەم لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێ، تێڕوانینی ستراتیجی بۆ ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دوو روخساری پێوە دیارە. یەکێکیان ئەوەیە کەروخسارێکی نارۆشنەو دووەمیان ئەوەیە کەزۆرتر سیمای رەشبینی بەسەریدا زاڵە. ئەم تایبەتمەندییە نەك هەر لەلێکۆڵینەوەکەی بوروز هەستی پێ دەکرێ بەڵکو لەزۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەدا هەستی پێ دەکرێ کەپێش توێژینەوەکەی بوروز نوسراون، بۆیە ئەمە وامان لێدەکا بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەئەم تێڕوانینە کەم تا زۆر بەسەر بیرکردنەوەی ناوەندە سیاسیو رۆشنبیرییەکانی ئەمریکادا زاڵە.

لێکۆڵینەوەکە وای بۆ دەچێ کەناوچەکە تا ساڵی ٢٠٢٠ وەك ناوچەیەکی ناسەقامگیر دەمێنێتەوەو لەم مەسەلەیەدا بایەخ نەدان بەپرۆسەی پەرەپێدان یەکێ لەهۆکانی ئەو نائارامییە دەبێ. لێکۆڵینەوەکە بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەگەری لێکترازانو هەڵوەشانەوەی هەندێ دەوڵەتی ناسەقامگیری وەك عیراقو سوریا کەدوچاری کێشە گەلێکی زۆر هاتونو هیچ شتێك گەرەنتیی ئەوە ناکات کەدەتوانن ئارامی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە هۆی بەردەوامبونی ئەو دۆخە نائارامە پەیوەندیی بەهەندێ فاکتەرەوە هەیە وەك بەرزیی ڕێژەی بێکاریو پەرەپێدانی ناهاوسەنگ.

بەشێوەیەکی تایبەت، لێکۆڵینەوەکە زۆر بایەخ بەفاکتەری ئابوری دەداو پێشبینیی ئەوە ناکات ئابوریی ناوچەکە لەساڵانی داهاتوو بەرەو چاکی هەنگاو بنێ. ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتان پێیان وایە نێونجی گەشەی ئابوری لەناوچەکە لەساڵی ٢٠١٤دا کەمترە لە٤٪ بەڵام تا ساڵی ٢٠١٦ بەڕێژەیەك کە کەوتۆتە نێوان ٢,٨٪و ٣,٦٪ دەتوانێ گەشە بکات. ئەم ڕێژەیەش بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی گەشەی ساڵی ٢٠١٠دا هێشتا لەدواوەیە چونکە لەو ساڵەدا ڕێژەی گەشە ٤,٦٪ بووە. دۆزینەوەی بڕێکی زۆرتری نەوت لەئەمریکا کارێکی وا دەکات ئەمریکا کەمتر نەوتی ناوچەکە بکڕێ، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی داهاتی ناوچەکەو زیادبونی ڕێژەی بێکاری.

لێکۆڵینەوەکە بەنیگەرانییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە ڕۆڵی ئایندەی ئێران لەناوچەکەدا بەڵام لەکۆتاییدا دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کەڕۆڵی ئێران لەناوچەکەدا لەهەڵکشاندا دەبێو لەئایندەی ناوچەکەدا ئێران دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت. ئەگەر ئێرانو ڕۆژئاوا بگەنە ڕێککەوتنێك لەفایلی ئەتۆمیدا، سزا سەپێنراوەکان لادەبرێنو ئێران دەتوانێ پەرە بەگەشەی ئابوریی خۆی بدا بەڵام ئەگەر هیچ ڕێککەوتنێك لەنێوانیاندا نەهاتە ئاراوە، سزاکان دەمێننەوەو گرژیی نێوان ئێرانو ڕۆژئاوا درێژە دەکێشێ، لەئەنجامدا سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەجاران زۆرتر دژایەتیی ڕۆژئاوا دەکات.

سەبارەت بەکاروباری وزە، لێکۆڵینەوەکە لەو بڕوایە دایە دەوڵەتە هاوردەکارەکانی نەوت وەك میسرو تونس‌و مەغریب‌و ئوردون توشی کێشەی زۆرتر دەبن‌و بودجەی تەرخانکراو بۆ کڕینی نەوت قورساییەکی زۆرتر لەسەر بودجەی گشتییان دروست دەکات‌و کێشەی کەمیی کارەباش تەنگیان پێ هەڵدەچنێ. تەنانەت هەندێ وڵاتی نەوتیی وەك عیراق‌و لیبیاش، دوچاری کێشە دەبن چونکە ناتوانن بالانسی نێوان داهات‌و خەرجی ڕاگرن.

هەروەها دەشێ ناوچەکە توشی کێشەی گرانیی نرخی خۆراك بێ، بەتایبەتی کەهەندێ لەدەوڵەتەکانی ناوچەکە پشت بەگەنم دەبەستن وەك تۆخمێکی سەرەکیی خۆراك. دەشێ هەندێ فاکتەری وەك گۆڕانی ئاووهەواو کەمیی ئاو ببێتە مایەی بەرزبونی نرخی خۆراك، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کەخۆراك هاوردە دەکەن.

بوروز سێ سیناریۆی بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دanاوە کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

سیناریۆی یەکەم: ئەم سیناریۆیە سیناریۆیەکی گەشبینەو وای دادەنێ کەدەشێ ئێران بتوانێ لەو گۆشەگیرییەی تێدایە دەربازی بێ‌و وەك فاکتەرێکی کارا بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دیارە ئەم مەسەلەیە زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەئێران‌و گروپی ٥+١ بگەن بەرێککەوتنێکی دیاریکراو لەفایلی ئەتۆمیدا. لەم سیناریۆیەدا ئێران واز لەسیاسەتی پێشوی دێنێ‌و دەکەوێتە بۆڕبۆڕێن لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا لەڕوی بازرگانی‌و پیشەسازییەوە. بوروز پێی وایە ئێران لەم بوارەدا دەتوانێ سەرکەوتنی گەورە وەدەست بێنێ، ئەویش لەبەر توانا تەکنەلۆژییەکانی‌و بەرزیی ئاستی خوێندنی بالا تێیداو پێی وایە رۆڵی پۆزەتیڤی ئێران لەناوچەکەدا لەوەدا دەردەکەوێ کەئێران دەتوانێ رۆڵێکی باشی هەبێ لەکەم کردنەوەی ململانێی شیعە-سوننەو رێ خۆش کردن بۆ هاتنە کایەی هاوکارییەکی ناوچەیی. بوروز ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەئەگەر رێ بدرێ بەئێران تاکو ببێتە هێزێکی ئەتۆمی،

دەوڵەتەکانی تر لەوانە تورکیاو سعودیەو میسر هەمان ڕێچکە دەگرنە بەرو دەکەونە گەڕ بۆ وەدەست هێنانی هێزی ئەتۆمی.

سیناریۆی دووەم: لەم سیناریۆیەدا ڕەشبینییەکی زۆر زاڵەو تێیدا ئەگەری پەرەسەندنی ململانێ تایفەگەرییەکان ئەگەرێکی بەهێزە، بەتایبەتی لەهەندێ وڵاتی وەك عیراق‌و سوریاو لوبنان، تەنانەت دەشێ مەسەلەکە بگاتە ڕادەی هەڵایسانی شەڕ لەنێوان شیعەو سوننەداو بەهۆی ئەمەوە دەشێ چەندەها کانتۆنی تایفەگەری لەناوچەکە سەر دەربێنێ.

لێکۆڵینەوەکە پێی وایە چەند ناوچەکە بەرەو گەشەی ئابوری بڕوا، ئەوەندەش دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشە تایفەگەرییەکان کەم دەبێتەوەو پێچەوانەکەشی ڕاستە.

سیناریۆی سێیەم: لەم سیناریۆیەدا چینی ناوەڕاست واز لەداواکردنی ئازادییە سیاسییەکان دێنێ‌و تەنها داوای سەقامگیری دەکا، بۆیە دەشێ ڕژێمەکان بتوانن درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن‌و ناوچەکەش کەمتر بەلای دیموکراسیدا بچێ. سەرەڕای ئەمە، دەشێ گرژییە کۆمەڵایەتی‌و ئاینییەکان هەر درێژە بکێشن‌و هەروەها لەوانەیە ئاستی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی هەر بەنزمی بمێنێتەوە.